# نازەنین مهاباد لە پەرلەمانی کەنەدا

**نورەدین وەیسی**

بڕیارە ڕۆژی سێەمە 2006/6/6 بە سەرپەرشتی خاتوو بلیندا سترۆنێج ئەندامی پەرلەمانی کەنەدا وخاتوو نازەنین ئەفشین شاجوانی پێشووی کەنەدالەمەڕ کەیسی نازەنین مهاباد لەپەرلەمانی کەنەدا قسەبکەن.

نازەنین مهاباد کچە کوردێکی تەمەن 18 ساڵەی سنەیی دانیشتووی شاری کەرەجی ئێرانە وساڵی رابردوو لەلایەن 3 پیاوەوە هەوڵی دەستدرێژی سێکسی دەدرێت وئەویش لەکاتی بەرگری لەخۆکردن دا یەکێك لە هێرشبەرەکانی لە دەست دەکوژرێت،کەچی دادگایەکی ئاخوندەکانی ئێران لەمارسی ئەمساڵدا بڕیاری لەسێدارەدانیدا.

بۆ فشارخستنە سەر رژێمی ئێران ئێستا کەمپینێکی جیهانی بۆ ئازادکردنی نازەنین لەئارادایە کەلەلایەن چەند پەرلەمانتاروکەسایەتی ورێکخراوی مرۆیی کەنەدی وجیهانی پشتیوانی لێدەکرێ ، میدیاکانی کەنەدیش ئێستا بە بۆنەی پێداچوونەوەی بڕیارەکە گرنگیەکی باش بەم پرسە دەدەن.

بەپێی تازەترین هەواڵ کۆمیتەی جیهانی دژی لەسێدارەدان هەواڵێکی رۆژنامەی هەمشەهری ئێرانی پشتڕاستکردەوە کەلەلایەن سەرۆکی دادگای باڵای ئێران ئایەتوڵڵا شەهروودی بڕیاری پێداچوونەوەی دادگایکردنەکە دراوە ،ئەمەش هیوایەك بۆ لەسێدارەنەدانی نازەنین دەبەخشێت.جێگەی باسە نازەنین ئەگەر ئازادیش بکرێت ئەوە دەبێ بە پێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی بەپارە بنەماڵەی کوژراوەکە رازی بکات ، لەکاتێکدا بنەماڵەی نازەنین زۆر هەژارو دەسکورتن وناتوانن هیچ بڕە پارەیەك بدەن.

بۆ ئیمزاکردنی دژی لەسێدارەدانی نازەنین:

www.petitiononline.com/Nazanin/petition.html